# مامۆستا سەیفەدین بۆ چیا ئەدویت



ئامادەکردنی/ بەکۆ

مامۆستا سەیفەدین وەك لاوێکی خوێنگەرم و بەپەرۆش بۆ مەسەلەی ڕەوای گەلەکەیو چینە چەوساوەکانی لەساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی دەکات بەڕێکخستنە نهێنیەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە ڕێکخستندا کادرێکی هەڵسوراوو بەدڵسۆزی کاریکردووە بۆ پتەوکردنو بەرەوپێشخستنی ڕیزەکانی کۆمەڵە. لەساڵی ١٩٨١ ڕوودەکاتە شاخو لەسنوری مەڵبەندی (٣)ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەك پێشمەرگەیەك خۆی دەبینێتەوە لەزۆربەی شەڕو داستانەکانی ئەوسنورە چالاکانە بەشداریی هەبووەو بەهەمان نەفەسی ڕێکخستنی نهێنی بێ ماندووبوون و بەبێ بێزای درێژەی بە خەبات داوە.

لەژیانی پێشمەرگایەتیدا لەبوارەکانی سیاسیو عەسکەریو کۆمەڵایەتی وەك کادرێکی سەرکەوتوو لەناو هێزی پێشمەرگەو جەماوەری ناوچەکە ڕۆڵی کاریگەری بینیوە.

چیا بەپێویستی زانی لەم ژمارەیەدا میوانداری بەڕێزیان بکات و چەند پرسیارێکی ئاراستە بکات سەبارەت بە (چیا) و کۆمەڵەی (پ.م) دێرینەکان.

***پ١/ كۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەكانی كوردستان، ڕێكخراوی سەرجەم پێشمەرگە دێرینەكانی كوردستان(هەموو حزبو لایەنە سیاسییەكان)ە، بۆ لەدایك بوونی وەها ڕێكخراوێك چیت هەیە بیڵێی؟***

و/ من وەك پێشمەرگەیەكی دێرین، پیرۆزبایی لەدایك بوونی ئەو ڕێكخراوە دەكەمو ئومێدەوارم ئەو ڕێكخراوە، ببێتەماڵێك نەك هەموو پێشمەرگە دێرینەكانی حزبو لایەنە سیاسییەكانی كوردستان بگرێتەوە، بەڵكو سەرجەم ئەو كەسە بێلایەنانەش بگرێتەوە كە ڕۆژێك لەڕۆژان لەڕێكخراوێكی سیاسی كوردستان كاریان كردوەو ئەگەر ئەو ڕێكخراوەش نەمابێ.

لێرەدا دەمەوێت بێ پێچو پەنا ڕاوبۆچوونی خۆمتان پێ ڕابگەیەنم، بەڵام تكام وایە ئەو بۆچوونەی بەندە، ببێتە هاندەر نەك ساردبوونەوە، ئەویش ڕێكخراوی لەو بابەتە شانسی سەركەوتنی زۆر كەمە!!!. چونكە حزبەكانو پێشمەرگە دێرینەكانی دەستبەرداری ئایدۆلۆژیاو بیروبۆچونی سیاسی خۆیان نابنو هەر گرووپەش هەوڵدەدات ئەو ڕێكخراوە بكاتە واجیهەی خۆی، جۆرەها ململانێی ڕەواو ناڕەوا ڕۆڵی نێگەتیفی خۆی تێدا دەگێڕێ! پێشمەرگەی چ حزبێك بڕوا بە(پ.م)ی حزبێكی تر دەكات؟ كە لەناو ئەو ڕێكخراوە بیری حزبایەتی خۆی نەكات؟ ئایا دەكرێ پێشمەرگە دێرینەكان واز لەحزبەكانی خۆیان بهێنن؟ من بڕوا ناكەم كەس دەستبەرداری ڕابردووو ئێستای خۆی بێت، گەر هەندێكیش بیكەن بەڵام زۆربەیان نایكەن، كەواتە ئەوەی دەیەوێت لەو ڕێكخراوە كار بكات، باچاوەڕێی ململانێی(وحدة وصراع الاضداد) بكات!! كولاندنی سەری ئەو هەموو بەرانەش لەناو ئەو مەنجەڵە بچووكە زۆر كارێكی دژوارە!! باشە تەگبیر؟!!.

***پ٢/ پێت وایە (پ.م)ە دێرینەكان وەك پێویست مافەكانیان پارێزراوە؟ ئەگەر نا پێشنیارتان بۆ زیاتر خزمەتكردنو خۆشگوزەرانی پێشمەرگە دێرینەكان چییە؟.***

و/ پێم وایە پ.م دێرینەكان گەر مافێكیان زەوت كرابێ، نەدرابێ، پێشێل كرابێ، دەبێ سەرەتا جۆری مافەكان دەست نیشان بكرێنو ئینجا ئەو شوێنە

یا ئەو لایەنە، ئەو دەزگایە دەست نیشان بکرێ کە مافەکەی پێشێل کردوە یا خواردووە.

بێگومان دەبێ بۆ هەر ناوچەیەك چەند کەسێکی رابردوو پاك و خۆنەویست دەست نیشان بکرێن بۆ ئەوەی لەو مافخوراوییە بپێچێتەوە، پێویستە پێشمەرگە دێرینەکان لەناو حزبەکانی خۆیان دەست بەهەنگاونان بکەن، گەر لەناو حزبەکانی خۆیان توانیان دەوری خۆیان ببینن، ئەوا پ.م دێرینەکانی حزبەکانی تریش یا ئەوەتا ئەوانیش هەمان هەنگاو دەنێن بۆ ئەوەی هەمان دەور ببینن، یا ئەوەتا روو لەو گروپە دەکەن کە بەفعلی خزمەتی پێشمەرگە دێرینەکانیان دەستەبەر کردووەو حزبەکانیان جێ دێلن‌و خۆیان دەچنە پاڵ ئەو گروپەی مافەکانیان داین دەکات، ئەو پرۆسەیە کاتێکی باشی دیاریکراوی دەوێ، پشووی شورشگێرانەی دەوێ، باجدانی دەوێ، بەرنامەی دەوێ،..

بۆبەشی دووەمی پرسیارەکەتان، نەخێر پێم وایە گشت پێشمەرگە دێرینەکان، وەك پێویست مافەکانیان پارێزراو نەبووە!! نەك هەر ئەوان بەڵکو زۆر بنەماڵەی شەهیدان دەناسم تا ئێستا زەوی نیشتەجێی نەدراوەتێ!.

پێشنیارم بۆ ئەو رێکخراوە، ئەوەیە بۆ ئەوەی مصداقیەتی خۆیان بسەلمێنن، با لەسەرەتاوە لە مافی شەهیدە هاوسەنگەرەکانیان‌و بنەماڵەکانیان دەست پێبکەن، ئینجا بێنە سەر مافەکانی خۆیان، کەباسیش دێتە سەر ماف دەبێت چەند پرەنسیبێك دابندرێت، نمونەش، هەموو پێشمەرگە دێرینەکان بەیەك ساڵ‌و یەك مانگ‌و یەك رۆژ نەبوونەتە پێشمەرگە، با مافەکان بەپێی ئەوەلیاتی خەبات بێت، جگە لەوەش هەیە "١٠" ساڵ پێشمەرگایەتی کردووە، بەڵام کەسانێك هەن بەدوو ساڵ چالاکیان لەزۆر لەو پێشمەرگانە زیاترە کە"١٠"ساڵ پێشمەرگە بوون، کەم ئەندام بووەو بەیەك ساڵ‌و تەنها لەشەرێکدا بەشداری کردووەو توشی لەپەلوپۆ کەوتن بووە، هەیە رۆڵی بەرپرسیاریەتی هەبووە، هەشە پێشمەرگەیەکی ئاسایی بووەو چەندین خاڵی تر هەن کەدەبێت کۆمەڵە خەڵکێکی زۆر بەویژدان ئەو خاڵانە تاوتوێ بکات،

من هەست دەکەم پێشمەرگەیەکی دێرین هەندێ جار خزمێکی خۆی، برادەرێکی نزیکی، پێش چەندین پێشمەرگەی دێرین دەخات!!

من گەلێ جار بیرم لە کێشەی ئەو پێشمەرگە دێرینانەو گلەیی و گازاندەیان لەحزبەکانیان‌و چونیەتی چارەسەر کردنیان کردۆتەوە، بەڵام نەگەیشتوومەتە قەناعەتێك بتوانین دڵی هەموو لایەك بەیەکسانی ٨٠٪ رازی بکەین.

بۆ ئەو بابەتە دەزانم نەخۆشییەکان چین، بەڵام ناکرێ بیانخەینە سەر کاغەزو هەر ئەوەندە دەڵیم ماف دەستێندری نادرێ‌و پێم وایە کەم‌وکوڕی هەرە گەورەی هەموو لایەکمان لەوەدایە هەست بەسوکایەتی دەکەین گەر داوای مافی کەسایەتی خۆمان بکەین، بۆیە مافەکانی زۆربە لەکەلێنی پەنجە بەربوونەتەوە، با ئەوەش بڵێم هەندێك لە پێشمەرگە دێرینەکان زیاد لەپێویست بەمافی خۆیان شاد بوونە، بۆیە هەوەکو دەڵێن "سکی تێر ئاگای لەبرسی نییە".

پێشنیارم بۆ ئەو برایانەی ئەو ئەرکەیان خستۆتە سەرشانی خۆیان، ئەو پێشمەرگە دێرینانە دەست نیشان بکەن لەهەموو ناوچە جۆر بەجۆرەکان‌و جۆری مافەکانیان دیاری بکەن‌و لەکۆبوونەوەیەکی فراوانی هەموو لایەکدا خاڵەکان دەست نیشان بکەن، کە دەبێتە مایەی خزمەتکردن‌و خۆشگوزەران کردنیان، ئینجا دەست بکرێ لەو دەرگاو لەم دەرگایەی خاڵەکان بدرێ کە مافەکان دەگرێتەوەو خەباتی پێشمەرگانەی راستەقینەی بۆ بکرێ تا هەموو مافەکان دەستەبەر دەکرێن.

***پ٣/ "عەقلیەتی شاخ" زاراوەیەکە هەندێ جار خەڵکانێك بەمەبەستی تانەو تەشەر بۆ پێشمەرگەی دێرین، بەکاری دەهێنن. پێت وایە"عەقڵیەتی شاخ"و گیانی پێشمەرگانە تەنها لەسەردەمی خەباتی شاخ پێویست بوو؟***

و/ سەبارەت بەعەقلیەتی شاخ، هەندێ لەبرادەرانی شاخ واقیعی نوێ بەوردی نابینن، بەهەمان رۆمانسیەتی جاران دەیانەوێ لێی بخوڕن‌و هەندێ کەسی هیچ نەکردەش کە بەس ماستاوو مەرایی کردن دەزانن عەقلیەتی شاخ بەشێوەیەك تەفسیر دەکەن سوکایەتی بە خەبات‌و تێکۆشانی پێشمەرگایەتی دەکەن.

پێویسته عەقلیەتی شاخ بەجوانی بۆ کۆمەڵانی خەڵك رونبکرێتەوە کە ئەو شێوە هەڵس و کەوت و راو بۆچونی ئەو سەردەمە، بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەو کات زۆر لە جێی خۆی بووەو لە لوتکەی شۆڕشگێڕی بووە، بە واتایەکی تر عەقڵیەتی شاخ گوێ نەدان بووە بە هەموو ئەو یاسایانەی کە دانرابوون بۆ ئاستەنگ نانەوە دژی شۆڕش و شۆڕشگێڕان ، بۆ ئەو گروپە خەڵکە ئەوەندەی عورفی شۆڕشگێڕی دەیخوارد ئەوەندە یاسا و گەندەڵیەکانی نەیان دەخوارد، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین کۆمەڵێ یاساش جێبەجێ دەکران بەوپەڕی عەدالەتەوە هاوشانی بیرو بۆچونە شۆڕشگێڕەیەکە بوون، بەڵام کە شۆڕشگێڕان دەگەنە دەسەڵاتی سیاسی و سیستەمی حوکمڕانی پیادە دەکەن، پێویستە کۆمەڵێ نەریتی شاخ هەیە نەك هەر لەبیری خۆیانی بەرنەوە، بەڵکو بەلایەوە نەچن!! بۆ نمونە زۆرجار پێشمەرگە کەتووشی خائینێ بووە، ئەوەندە بڕوای بە کوشتنی هەبووە، ئەوەندەی بڕوای بە محکەمە کردنی نەبووە. بەڵام ئەگەر هەمان خائن بەدیل گیرابێت، هەڵسوکەوتی مرۆڤانەی لەگەڵ کراوەو تەسلیم بەدادگای شۆڕش کراوە بۆ ئیدانە کردنی.

بۆ ئێستای ئەو نمونەیە ناکرێت بیری شۆڕشگێڕی بەسەر بیری یاسایی زاڵ بکرێت، ئالێرەوە دەگوترێت پێویستە ئەو برادەرە واز لە عەقلیەتی شاخ بێنێ!! بۆ ئەو نمونەیەی باسم کردو دەیان و سەدان نمونەی تر هەن دەبێ عەقڵی شاخ بەلاوە بنرێت و بەپێی عەقلی ئەو سەردەمە هەڵسوکەوت بکات.

زۆر بەداخەوە هەندێ خەڵك هەن تێکەڵ بەو هەڤاڵانەی شاخیش بوون و خۆشیان لە (شاخ)اویەکان بە عاقل تر دادەنێن پێیان وایە ئەوانەی بەشاخ کەوتن کە باسی (عەقڵیەتی شاخ) دەکرێت یا ئەوەتە کە گوێیان لێ دەبێت، ئێمە لە ناوخۆمان باسی وەلاتانی دەکەین، ئەوان وا تێدەگەن یان دەیانەوێ وا لە خەڵك بگەیەنن ئەوانەی لەسەر ئەو عەقڵە بوون، جەماعەتێکن بەکەڵکی ئێستا نایەن و هەر بۆ پێشمەرگایەتی باشن و خوارەحم بەعەقڵی خۆیان و ماڵ و منداڵیان بکات!!

من نایشارمەوە کەسانێ هەن زۆر

بەزەحمەت ئەوعەقڵیەتەی (عەقڵیەتی شاخ) لە مێشکیان دەردەچێت، چونکە بە منداڵی و بەگەنجێتی بەو عەقڵیەتە پەروەردە کراون و گۆڕاندنی سیستەمی مەعریفی کارێکی ئاسان نییە. بەتاقیکردنەوەی خۆم ئەو کەسانە کەمن و رۆژ لەدوای رۆژیش کەم دەبنەوە، بەڵام ئەگەر عەقڵیەتی ئەوان بەهەندێ کەس بەراورد بکەم کەهێشتا مۆرکی کۆنی سەردەمی دیکتاتۆریەتی پێوەیە، دەبێ بە دوای تەوافقێك بگەڕێین کە زۆر مەحاڵە لە تای تەرازوودابن، لێرەدا هەڵسەنگاندن و بڕیار بۆ خوێنەران جێ دێڵێم. هەقە رۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکان ماهیەتی ئەو عەقلێەتە ڕونبکەنەوە بۆ ئەوە چیتر بەناو (رۆشنبیر)ەکان سوکایەتی بەو عەقڵیەتە نەکەن.

***پ/٤ چیا گۆڤاری کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستانە، پێشنیارتان بۆ ئەم گۆڤارە چییە؟***

و/ هەرگۆڤارێك بەمەبەستێك دەردەکرێ، بۆ ئەو مەبەستەش کۆمەڵێك تەوەرو بابەت دەستنیشان دەکرد بۆ ئەوەی مەبەستەکەی بپێکێت! من وای بۆ دەچم مەبەست لە دەرکردنی گۆڤاری "چیا" زمانحاڵی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان، چونە ناو دنیای جەنجاڵی ئەو کۆمەڵە خەڵکەیە کەهەموو جوانی و خۆشی خۆیان بەکوردو کوردستان بەخشیوە. ئەوەی لەنزیکەوە ئەوانەش نەناسێت خۆیشی بەشێك نەبێت لەهەموو خۆشی و ناخۆشیان، ناتوانێ لەدونیای پڕناسۆری ئەوان تێبگات. ڕەنگە بۆ نمونە ئەو نوکتەیەی تۆ بۆ منداڵێك باسی دەکەیت و ئەو چێژە زۆرەی ئەو لێی وەردەگرێت کە بۆ پیاوێکی پیری باس بکەیت، ڕەنگە بە بزەیەکی سارد وەڵام بداتەوە.. دەمەوێت بەو نمونەیە مەبەستەکەم ڕوونبکەمەوە ئەو گرووپە خەڵکە تامەزرۆی دنیای تایبەتە کۆنەکەی خۆیانن هەرلەسەرەتای چونە ناو ڕێکخستنەوە نهێنیەکانی پەیوەندی کردن بەهێزی پێشمەرگە یا ڕۆیشتنی ڕێگا، نوستنی مزگەوت و ماڵان، نانخواردن، دابەشبوون بەسەر ماڵان، نهێنی دانانی شەو، شەڕەکان، کەمین دانانەوە، شەڕی گەورەی ناوچەکان، شەڕەکانی لادێ و دەشتەکان، سەرکەوتنەکان و ژێرکەوتنەکان و

قوچاندن لەدوژمن، پارتیزانەکان، نوکتەکانی نێوان پێشمەرگەو پێشمەرگەو نێوان پێشمەرگەو غەیرە، ململانێی نێوان مەسئولەکان ...هتد.

بەڕای من تەوەری بابەتەکان بریتی بن لە:

١. هەرجارەی داستانێك.

٢. هەرجارەی بەسەرهاتێ یان ڕوداوێ.

٣.هەرجارەی نەناسراوێك (فەرماندە + پێشمەرگە)

٤. هەرجارەی شەهیدێك یان چەند شەهیدێك.

٥. هەرجارەی چەند کاریکاتێرێك.

٦. هەرجارەی دەزگایەك لە دەزگاکانی شۆڕش.

٧. هەرجارەی چەند نوکتەیەکی شاخ.

٨. هەرجارەی پیلانێك لەپیلانەکانی دوژمن.

لەگۆڤارەکەدا ڕەچاوی پاش و پێش کردنی بابەتەکان بکرێت، ناوەناوە بۆ پشووداނو وەڕەز نەبوون، بۆنمونە بابەتی لەجۆری (کاریکاتێر، نوکتەکانی شاخ)و شتی تر بکرێت بە ناوەخن.

هەروەها بۆنموونە کە باسی داستانێك دەکرێ، بەشێوەیەکی کلاسیکی نەنوسرێتەوە هەولبدرێت بەشێکی زۆری ئەوانەی بەشداریان تێداکردووە هەریەکەو لای خۆی تیشکی بخاتە سەرو گەر بکرێ شوێنی شەڕەکە لەسەر نەخشەی عەسکەریو بەوێنەگرتنو بەشێوەی ڕەتڵەکانو ڕەسمی تەوزیحی ڕوون بکرێتەوە، خاڵە لاوازەکان شەهیدان، کوژراوەکان، دیلەکان.. هتد. بەکورتی زۆر چڕوپڕ وەك ئەوەی دوێنێ شەڕەکە کرابێو ئەمڕۆ بمانەوێ بۆ مێژووی تۆمار بکەینو هەڵیبگرین بۆ دوارۆژ، هیچمان لەبیر نەکردبێ!!

یان بۆنمونە کەباسی نوکتەیەك لەنوکتەکانی شاخ دەکرێ لەسەر زمانی کەسەکانی پەیوەندیدار بەنوکتەکە، نوکتەکە باس بکرێت، بەڕەچاوکردنی بەروارەکەی، شوێنەکەی، مەبەست لە نوکتەکەیو بیرۆکەکەی لەلایەن کێ بووەو کێ کردویەتی چی لێ کەوتۆتەوە..و..و؟